یونسکۆ هۆشداری دەدات لە بە ئامانجکردنی کەرتی پەروەردە لە غەززە

ئەنکخراوی پەروەردەیی و زانستی و کولتووری نەتەوە یەکگرتووەکان (یونسکۆ) ئەمڕۆ هەینی (27ـی تشرینی یەکەمی 2023) نیگەرانی خۆی لەبارەی بەردەوامبوونی پێکدادانەکانی کەرتی غەززە لەنێوان ئیسرائیل و حەماس دەربڕی و ڕایگەیاند، "نیگەرانین لە کاریگەری پێکدادانەکانی کەرتی غەززە بە سەر کەرتی خوێندن و خوێندکاران و کارمەندانی پەروەردە"، هەروەها "بانگەواز بە پاراستنی دامەزراوەکانی پەروەردە دەکەین وە بیرهێنانەوە و هۆشداری دەدەین لە بە ئامانجکردنی کەرتی پەروەردە لە کەرتی غەززە یان بەکارهێنانی وەک بنکەی سەربازی، کە ئەم کارانە پێشێلی یاسایی نێودەوڵەتی دەکات".